زانیارینامەی قوتابخانە بۆ خێزانەکان

# کرمی دەرزیلەیی

## هۆیەکانی و تووشبوونی

- هۆی تووشبون کرمێکی دەزوولەیی سپیە (*Entero Vermicularis*) درێژیەکەی ٨-١٣ ملیمەترە و پانیەکەشی لە ملیمەترێك کەمترە و لە ڕیخۆڵە ئەستوورەدا دەژێت. ئەم کرمە مشەخۆرێکە کە تەنها لە لەشی مرۆڤدا دەژێت و ڕاستەوخۆ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوێزرێتەوە.
- تووشبوونەکەی بەهۆی گەراکانیەوە لە ڕێگای دەمەوە بڵاودەبێتەوە. مێینەکانی کرمەکە زیاتر بە شەوان لە ڕیخۆڵە ئەستوورەوە بەرەو کۆم دادەکشێن.
- گەراکان بۆ چەندین هەفتە دەژێن، بۆ نموونە لە ناو بەرگی پێخەفەکاندا دەمێننەوە.
- لەو کاتەوە کە کەسێك تووشی ئەم کرمە دەبێت تاکو ئەو ڕۆژەی نیشانەکانی لێ دەردەکەوێت ١-٢ مانگ دەخایەنێت.
- تووشبوونی کرمی دەرزیلەیی زیاتر لای منداڵانی تەمەن ٣-١٠ ساڵان باوە، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێت کە تووشبوونی منداڵانی لەو تەمەنە بەسەرەوە یان کەسانی گەورە شتێکی دەگمەن بێت.

## نیشانەکانی

- خوران لە کۆمدا، بەتایبەتیش بە شەوان، کە دەبێتە مایەی لە خەو هەڵسانی منداڵ و میزکردنە ناو جێگا.
- لەوانەیە خورانەکە ببێتە مایەی هەوکردنی بەکتیری لە کۆمدا.
- لەوانەیە ئارەزووی خواردن نەمێنێت و ئەو کەسە پەست ببێت.

## چارەسەر

- دەرمانێك هەیە کە لەسەر ڕەفی دەرمانخانەکان دەیفرۆشن، حەبی پیرڤین Pyrvin ، بۆ یەك جار چارەسەر بەکاردەهێنرێت.
- پێویستە ئاگاداری نینۆکی پەنجەکان بیت و نەهێڵیت نینۆکەکان درێژ بن.
- هەرچی ڕووکەشێکی ناو ماڵ هەیە خاوێن بکرێتەوە.
- بەرگی پێخەفەکان بشۆرێن، یان بەکاری تر هەڵبسیت، بۆ نموونە، بەرگە پێخەفەکان بخەیتە ناو فریزەرەوە بۆ فەوتاندنی گەراکان. هەروەها گۆڕینی بەرگە پێخەفەکان.
- پێویستە بە دوو هەفتە لە دوای یەکەمین جاری خواردنی حەبەکان، خواردنی حەبەکان دووبارە بکرێتەوە.
- باشتر وایە هەموو ئەندامانی خێزانەکە ئەو دەرمانە بخۆن ئەگەر چی ئەوانی تر نیشانەی تووشبوونیشیان دەرنەکەوتبێت.